
# مەحوی لە بەڵگەنامەکانی عوسمانی و دەستنووسەکاندا




■ ئا: شکار ئەحمەد

(مەحوی لە بەڵگەنامەکانی عوسمانی و دەستنووسەکاندا) کتێبێکی نوێیە لەبارەی ئەو شاعیرەی سەردەمی کلاسیکەوە. هەریەکە لە بەشدار عوسمان و دیدار عوسمان کاری کۆکردنەوەی بەڵگەنامەکانیان لەسەر ژیانی مەحوی کردووە.

بژار عوسمان لەبارەی کتێبەکەوە بە (ڕووداو)ی گوت: "کتێبەکە لێکۆڵینەوەیەکی وردە لەسەر مەحویی شاعیر کە ئێمە بە مەولانای کوردی دەزانین، باس لە مێژوو و زۆر لایەنی شاراوەی ژیانی دەکەین کە لەکاتی لێکۆڵینەوە و گەڕانمان لەنێو بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا دەستمان کەوتووە. هەروەها باس لەو پەیوەندییە پتەوەی نێوان مەحوی و سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم و نامەگۆڕینەوەکەی نێوانیان کراوە".

بژار عوسمان دەشڵێت: "بنەماڵەی مەحوی زۆر هاوکارمان بوون لە پێدانی بەڵگە و دەستنووسەکانی مەحوی بۆ دەوڵەمەندکردنی کتێبەکە، بەتایبەت حاکم سۆران عومەر مەحوی، نەوەی مەحویی شاعیر".

کتێبەکە چەندین شیعری بڵاونەکراوەی مەحوی تێدایە. بژار عوسمان دەڵێت: "چەند کەسێک هەبوون کە ناویان مەحوی بووە، یان ناویان نزیک بووە لە ناوەکەی مەحوی، لێکۆڵینەوەمان لەوانەش کردووە و لە کتێبەکەدا کەسایەتییە هاوشێوەکانمان لە مەحوی شاعیر جیاکردووەتەوە".

بژار بۆ ئامادەکردنی کتێبەکە چووەتە تورکیا و سەردانی خانەقا و گۆڕی مەحویشی کردووە. ئەو دەڵێت :"گۆڕەکەی شێوە و دیزاینی خۆی نەماوە و زۆر تێکدراوە، بۆیە داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و خەمخۆرانی ئەدەب و شیعر دەکەم، کار بۆ نۆژەنکردنەوەی گۆڕ و خانەقاکەی مەحوی بکەن و لەسەر دیزاینی کۆنی بونیادی بنێنەوە".




## بێکەس حەمە قادر

# دیوانەکەی بڵاودەکاتەوە

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

کۆتایی هەفتەی ڕابردوو، لە هوتێل شێراتۆنی شاری هەولێر و لە ڕێوڕەسمێکدا، بە سپۆنسەریی کۆمپانیای نێودەوڵەتی (کیو نێت) تازەترین بەرهەمی شیعریی بێکەس حەمە قادر بە ناونیشانی (کە مردم لە دڵی ژنێکدا دەمدۆزنەوە) بڵاوکرایەوە.

ئەم دیوانەی بێکەس حەمە قادر کە پانزەمین بەرهەمي ئەدەبیي ئەوە، چ وەک دیزاین و چ وەک ناوەڕۆک ستایڵێکي جیاوازي لەخۆ گرتووە.

دیوانەکە لە 216 لاپەڕە پێکهاتووە و لە تاران بە چاپ گەیشتووە.

# نیوتن و سێوەکەی چاپ دەکرێ

■ ئا: شکار ئەحمەد

کۆمەڵە چیرۆکی (نیوتن و سێوەکەی) کە لە نووسینی ئارام حەمەیە، لە چاپخانەیە و بەمزووانە بڵاودەکرێتەوە.

ئارام حەمە بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "کتێبەکە لە 11 چیرۆک پێکدێت کە دوو لە چیرۆکەکان زانستین و نوێن لە ئەدەبیاتی کوردیدا، هەروەها ناونیشانی کتێبەکەش نوێیە لە ئەدەبیاتی کوردیدا و ناوی یەکێک لە چیرۆکەکانە کە ئەویش کارکردنە لەسەر ئەو چرکەساتەی ئیسحاق نیوتن لەناو باخچەکەی ماڵی خۆیاندا دانیشتووە و لەپڕێکدا سێوێک بەردەبێتەوە و بەر سەری دەکەوێت و هانی دەدات بەدوای هۆکاری بەربوونەوەی سێوەکەدا بگەڕێت، لە چیرۆکەکەدا لە گۆشەنیگایەکی جیاوازەوە بۆ دونیابینی نیوتن دەڕوانین و دەیخەینە بەردەم دوو ئەگەرەوە: ئەگەر سێوەکە بخوات و دەستبەرداری بیرۆکەی هێزی کێشکردنی زەوی بێت، یان لەسەر بیرۆکە زانستییەکەی خۆی سووربێت. دواتر نیوتن لەوە تێدەگات کە لەژێر ڕۆشنایی یاساکەی ئەودا مرۆڤایەتی دەکەونە جەنگە گەورەکانەوە و هەزاران جۆر چەک و خومپارە دروست دەکەن و یەکدی پێ لەناودەبەن، هەر بۆیە دەستبەرداری یاساکە دەبێت و بیر لە خۆشەویستی و مرۆڤدۆستی دەکاتەوە".

گوتیشی: "یەکێکی دیکە لە چیرۆکە زانستییەکان باسی بوونەوەرە هۆشمەندەکانی ناو گەردوون و دەفرە فڕیوەکان (UFO)یە کە تاوەکو ئێستا زانست پەی بە ڕاستی و دروستییان نەبردووە".

نووسەر خاوەنی دوو ڕۆمانی دیکەشە بە ناوەکانی (هەڵاتن لە هەرێمی مردووەکان) و (پەپوولەکانی تاریکی).



# شێعر ژیانی منی بە قوڕد

## گفتوگۆیەکی تایبەت لەگ
## ناسراوی کو



ماوەی دوو مانگێک دەبوو لە هەلێک دەگەڕام بۆ دانیشتن لەگەڵ ئەو شاعیرەی شێعر و هەڵبەستەکانی دەست بە دەست لە نێوان گەورە و بچووکی ئەم وڵاتەدا دەگەڕێن و بە بۆنەگەلی تایبەتەوە پێشکەش دەکرێن و دەخوێندرێنەوە. بەڵام خۆی دیار نییە و کەم کەس تا ئێستا لە کۆڕ و کۆبوونەوەیەکدا، لە بۆنە و ڕێوڕەسمێک، لە دانیشتنێکی شاعیرانە و تەنانەت لەبەردەم کامێرایەکدا بینیویەتی. جەلال مەلەکشا، شاعیری هەموو چینەکانی کۆمەڵگایە و دەکرێ بە ئاسانی لەسەر هەر شێعر و هەڵبەستێکی بنووسی، بەڵام زۆر ئەستەمە بتەوێ دێڕێک لەسەر کەسایەتی خۆی و ژیانی تایبەتی ئەو شاعیرە ئاشنا بە ڕەنجە، بهێنیتە سەر کاغەز. لەڕاستیدا بەهۆی هۆگریی مامۆستا بە گوندی منداڵیی خۆی و چوونی ڕۆژانەی و سەردانی لە باخ و باخاتی ئەو گوندە، زۆر کەم لە شار دەبینرێ و ئەوەندەش کە بتوانی دوای ماوەیەک گەڕان و پرسیار لە دۆستانی، لە شوێنێک بە دیداری بگەی، بێگومان ئەو شوێنە بەرزاییەکانی حەسەنئاوای سنە و ماڵی دایکییەتی. ئەو دایکەی کە خۆی گوتەنی هاتووە ئاگای لەو بێ تەنیا نەبێ، بەڵام ئەوە دایکیەتی کە ئاگای لە مامۆستایە و هێشتاش وەک منداڵێک وشک و تەڕی دەکاتەوە.

ژیانی جەلال مەلەکشا، ئەوەندەی ڕژد و نشێوی بەخۆوە بینیوە کە تەنانەت ئەوانەشی ئاشنای دۆخی ئەدەب و سیاسەت لەم ناوچە پڕ لە مەترسییە نین، دەتوانن بە ئاسانی نیشانەی ئەو ئێش و ڕەنجانەی کە بەسەر ئەو ڕوحە جوانەی ئەدەبی کوردیدا هاتووە، بە نێوچاوانییەوە ببینن و لەڕاستیدا شێوەی ژیان و قسەکردن و شێعرخوێندنەوەی مامۆستا، بێ ئەوەی لەلایەن خۆیەوە هیچ هەوڵێکی بۆ درابێ، دەتوانێ ئەو بەسەرهاتە تاڵ و سوێرانەی وا بە درێژایی تەمەن بەسەریدا هاتوون، بۆمان بگێڕێتەوە و بە دڵنیاییەوە کەسێک نییە بۆ چەند خولەک لە نزیکی دانیشێ و گوێی لە قسەکانی بێت و نەزانێ چ چەرمەسەرییەک بەسەر ژیانیدا هاتووە و نەبینێ ڕوحی ئەو ئەوەندە لەگەڵ دەسەڵات و سیاسەتی ڕۆژی وڵاتەکەی نەگونجاو بووە و نەیتوانیوە سازش بکا کە وردە وردە ڕێگەی تەریکی گرتووەتەبەر و پەڕاوێزێکی هەڵبژاردووە. هەم خواستی دەسەڵات بووە و هەمیش خواستی ئەو کەسانەی بە جۆرێک لە جۆرەکان لە دەنگی ڕاستگۆیانەی مەلەکشا لە شێعردا هەراسان بوون و هەمیشە نیگەرانی حزووری ئەو لە بۆنە و ڕێوڕەسمەکاندا بوون. بەڵام ئەم پەڕاوێزە هەرگیز نەیتوانی مەلەکشا لە هەست و نەستی کۆمەڵگادا بسڕێتەوە و ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر شێعرەکانی ئەم ئەدیبە مەزنە چوونە نێو کۆمەڵگاوە و لە هەمیشە خۆشەویستتر و مەقبووڵتر بوو لەلای خەڵک. وەها کە ئێستاش هەر ڕێوڕەسمێکی فەرمی و نافەرمی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان – بە تایبەت لە شاری سنە- بەڕێوە دەچێت، ماڵە بچکۆلە هەژارانەکەی دایکی لە بەرزاییەکانی حەسەنئاوای سنە، دەبێتە مەکۆی کۆبوونەوەی عاشقان و دڵسۆزانی ئەدەبی کوردی. ئەوەی جێی سەرنجە، لە ڕۆژانی ئەو ڕێوڕەسمانەدا ماڵی مەلەکشای شاعیر لە ساڵۆنە فەرهەنگییەکانی شار قەرەباڵغترە و هەر ئەمە خۆی نیشانەیەکە بۆ خۆشەویستیی ئەم شاعیرە ڕاستگۆیە.

**هەڤپەیڤین: فریا یوونسی**

**رووداو: پێش هەرشتێک پرسیارم لەسەر بارودۆخی جەستەیی و ڕوحیی خۆتە و دەمەوێ بزانم ئێستا باری تەندروستیت چۆنە؟**

**مەلەکشا:** باری سلامەتیم باشە و هەروا کە دەمبینن هێشتا بە خۆشی و ئازایەتی دەژیم، نێو سروشت دەچم، کاروباری خۆم بەڕێوە دەبەم و لە هەمووی گرینگتر دەخوێنمەوە و دەنووسم.

**رووداو: واتە ئێستاش شێعر دەنووسی؟ دواهەمین شێعرێک کە نووسیت کەی بوو؟**

**مەلەکشا:** بەڵێ، ئەی مەگین دەکرێ نەنووسم؟ ئەی شاعیر بە چی شاعیرە؟ هەر بە نووسینی شێعرە کە دەتوانێ بڵێ من شاعیرم. منیش هەر دەنووسم و دواهەمین شێعرم یەک دوو شەو لەمەوبەر تەواو کرد.

**رووداو: بە تێر و تەسەلی باسی خۆتمان بۆ بکە. باسی ئەو مێژووەی بووە هۆی دروستبوونی کەسایەتی جەلالی مەلەکشا. دەمانەوێ خوێنەرانمان بزانن لە کوێوە و چۆن دەستتپێکردووە و بە ئێرە گەیشتوون؟ سەرەتا لەگەڵ شێعری کوردی چۆن ڕووبەڕوو بوونەوە و چۆنتان مامەڵە لەگەڵ زمانی زگماکی خۆتان کردووە بۆ نووسینی شێعر؟ بە تایبەت لە سەردەمێکدا کە ڕەنگە نووسین بە زمانی زگماکی – ئەویش نووسینی شێعر- زۆر سەخت و ئەستەم بووبێت. ئەوەی دیارە و تا ئێستا لە زۆر جێگەدا باسی لێکراوە، ئێوە لە سەردەمی خۆتاندا، یەکێک بوون لە کەسایەتییە پێشەنگەکانی شێعری کوردی و تەنانەت جاروباریش زۆرێک لە قۆناغە جیاوازە ئەدەبییەکان و سەبکە تایبەتەکانی ئەو سەردەمە، ئێوە دەخەنە پاڵ خۆیان و وەک یەکێک لە داهێنەرانی ئەو ڕەوتە دیارانە ناوتان دەبەن. هەروا زۆر لە شاعیرانی بەناوبانگی وەک شێرکۆ بێکەس بە باشی باسی ئێوە دەکەن و وەک یەکێک لە باڵەکانی شێعری کوردی لە ڕۆژهەڵات ناوتان دەبات. لەو سەردەمەشدا هەندێک شاعیری دیکە کە ئێستا خۆیان دەنگێکی دیارن لە ئەدەبی کوردیی ڕۆژهەڵاتدا، لەگەڵ ئێوە بوون – وەکوو فەرەیدوون ئەرشەدی و ئیبراهیم ئەحمەدی نیا- کە گەشەیەکی تایبەتیتان بە شێعری ئەو سەردەمەی ڕۆژهەڵات دا. دەمەوێ بە وردی باسی ئەو مژارە تایبەتەم بۆ بکەن.**

**مەلەکشا:** سەرەتا پێمخۆشە خاڵێکی گرینگتر لەوانە بێنمە ئاراوە، ئەویش ئەوەیە کە دەبێ ددان بەوەدا بنێم من پیاوێکی گوندیم. واتە کەسێکم کە هێشتاش و هەمیشە هەر عاشقی گوند و سروشت و کشتوکاڵ و هەموو ئەو لایەنە گوندییانەم کە مرۆڤی مۆدێرن لێی وەڕەزن و لەگەڵی بێگانەن. هێشتاش هەموو وجوودی من بە گۆشت و پێست و ئێسقانەوە، هەر گوندییە و تاکوو بشمێنم لە گوند نابڕێم. هێشتاش لە گوندی خۆمان زەویم هەیە و ماڵیشم هەر لەوێ ماوە و دەخوازم تا کۆتایی تەمەنم هەروا بمێنمەوە. هەربۆیە ڕاشکاوانە دەڵێم ئەم خاڵی گوندنشینی و خۆشویستنی سروشتە لەلایەن منەوە، کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر ڕوح و هزری من داناوە و هەمیشەش ئەو کاریگەرییە بە ڕوخساری شێعرەکانمەوە دەمێنێتەوە. هەر ئەم حەزە کارێکی کردووە کە هەمیشە هەموو هەوڵ و تێکۆشانی من لە پرۆسەی ئەدەبیی شێعردا ئەوە بێ ئاوڕی جددی لە بارودۆخی مرۆڤی گوندنشین بدەمەوە و هەوڵ بدەم شێعرەکانم هاواری گوندییەکان بن. بەڵام بەداخەوە بارودۆخی ژیانم بە بۆنەی پیشەی باوکمەوە کە کارمەندێکی دەوڵەتی بوو، ناچاری کردین بێینە شار. لە شاریشدا لە جێگایەک دەژیاین جێی ژیانی مودیری گشتیی ئەو سازمانە بوو کە باوکم کارمەندی ئەوێ بوو. ژیانی ئەوێش بە بۆنەی هاوسێیەتی لەگەڵ مودیری گشتی و دیکەی کارمەندەکانی، بووە هۆی ئەوەی کە ئاگاداری شێوازێکی دیکەی ژیان لە دەوروبەری خۆمان بین، ئەویش ژیانێکی بۆرژوازییانە و لوکسی شاری بوو. لێرەدا دژوازییەکی گەورە لە ژیانی مندا دروست بوو: ژیانی هەژارانەی ئێمە لە هاوسێیەتی ئەو ژیانە لوکسە بۆرژوازییانەی مودیر و کارمەندە باڵادەستەکان. بەراوردی ژیانی دوو کەسایەتی ئەم دوو بوارە – کرێکارێک و مودیرێک- دەبێتە هۆی تێڕامانی زیاتری منداڵێک کە هەموو خولیای ئەوەیە ببێتە شاعیر و هاوارەکانی خەڵکی گوندەکەی خۆی بە گوێی دنیا بگەیەنێت. ئەم دژوازی و پاڕادۆکسە کە لە هەموو شتێکدا بە ئاسانی دەبینرا، لە جلوبەرگەکاندا، لە شێوەی قسەکردنەکاندا، لە شێوەی هەڵسوکەوتی کەسەکاندا، لە شتومەکی نێو ماڵەکاندا، بە ئاسانی دەهاتنە بەرچاو، ببوونە هۆی ئەوەی کە زیاتر بیر لە ژیان و ئازارەکانی و کەموکووڕی و مەحروومبوونەکانی بکەمەوە. ئەم پارادۆکسە، ڕەنگە لە وجوودی مندا زۆر نەبووبێتە هۆی نەفرەت و ڕق، بەڵام جۆرێک بێزاری لە مندا بە نسبەت ئەو کەسانەوە کە بێ هیچ هۆیەک ژیانێکی خۆشتر و شاهانەتر لە ئێمەیان هەبوو، دروست کردبوو. جۆرێک جیاوازی و لە یەکنەچوون کە هەر ئەم جیاوازی و لەیەکنەچوونە بوو خەریکبوو وردە ڕێگەی بۆ دەردەخستم و دەیبردم بەرەو شێعر و لە شێعریشدا کە ئاساییە ئەو دژوازییە ڕەنگدانەوەی خۆی هەبێت. لەڕاستیدا ئەو دژوازی چینایەتییەی کۆمەڵگەی ئێرانی – کە بە ئاشکرا لەنێو کورد و فارسدا هەبوو، ئێستاش هەر هەیە- ڕۆژبەڕۆژ زیاتر لە من و شێعردا باڵای کردووە و لە گەڵمان گەورە بووە. ئەو سەردەمە بە تایبەت لە نێو سیاسییەکاندا، زۆرتر باس لەو دژوازی چینایەتییە دەکرا و منیش هەر بەو دژوازییەوە سیاسەت و دواجار دەستم بە شێعر کرد. خەبات لە دژی ئیمپریالیزم و چینە بۆرژواکانی کۆمەڵگە، دەبوونە هەوێنی شێعرەکانم و بەم ڕوانگەوە هاتمە دنیای ئەدەبییەوە. تەنانەت یەکەمین زیندانیش کە چووم، هەر لە پێناو ئەو خەباتە بوو کە لەو سەردەمدا بە بۆنەی ڕوانگە تایبەتییەکانی مارکسەوە لە مندا شکڵی گرتبوو. چەند ساڵێک بەم بۆنەوە لە زینداندا مامەوە و دوای ئەوەش چەند جارێک بە بۆنەی بابەتی دیکەی وەکوو بابەتە نەتەوایەتییەکان کەوتمەوە زیندان و ئەم زیندان چوونانەم بووە هۆی ئەوەی لەگەڵ کەسایەتییە گەورەکانی ئەو سەردەمە و بەرهەمە ناوازەکانیان ئاشنا ببم. لە سەردەمی شۆڕشی سپیی ئێراندا کە ڕێفۆرمخوازییەکی جددی شکڵی گرتبوو، لە قوتابخانە و بەندیخانە، یەکێک لەو کەسانە بووم کە هەمیشە بانگەشەی ئەو خەباتە تازە لەدایکبووەم دەکرد و جاروباریش شێعرم لەو بارەیەوە دەنووسی و دەمخوێندەوە. ئێمە ئاوا گەورە بووین: بە زیندان و شاربەدەرکران و گرتن و ئەشکەنجە. منیش وەک زۆرێک لە شاعیرانی کوردی ئێرانی، لە خوێندنەوە و نووسینی شێعر بە زمانی فارسییەوە دەستمپێکرد. کەم کەم لەگەڵ شاعیرانی ناسراو و نەناسراوی ئەو سەردەمەی ئێران، پێوەندیم دروست کرد و لە کۆبوونەوەکاندا شێعرم دەخوێندەوە. تەنانەت جارێک چەند شێعرێکم بۆ ئەحمەدی شاملوو خوێندەوە (بە پێکەنینەوە) کە زۆر بە دڵی نەبوو، گوتی لەو شێوازە شێعرییە وەرە دەر، کاتی خۆت بەفیڕۆ مەدە لەوە زیاتر. لەگەڵ کەسانی دیکەش وەک خوسرەوی گوڵسورخی پێوەندی باشم هەبوو. چونکە شەو و ڕۆژ بە شوێن جەرەیانی سیاسیی ڕۆژی ئێرانەوە بووم و دەمویست سەری لێ دەربهێنم. نەک بە مەبەستی ئەوەی کە داخڵ بەو جەرەیانانە ببم، نا. زیاتر بە مەبەستی ئەدەبیات و شێعر وام دەکرد و دەمویست کار بکەم. نزیکیش بوومەوە لێیان. بەڵام کە لەگەڵ زمانی زگماکی خۆم ئاشنا بووم و زانیم بەو زمانە جوانتر و باشتر دەتوانم شێعر بنووسم، لەو جەرەیانانە دوورکەوتمەوە و زیاتر هاتمەوە بەرەو هەستە نەتەوایەتییەکانی خۆمان کە بە هەموو شێوەیەک پامال کرابوون و لەبەرچاو نەدەگیران.

> **ئێمە ئەو کاتەش کە خەریکین بە زمانێکی دیکە دەنووسین، لەڕاستیدا هەر خۆمان تەرجەمە دەکەینەوە**

**رووداو: سەرەتا کە دەستتان کرد بە نووسین بە زمانی کوردی، شێعرەکانتان لە چ ڕێگایەکەوە بڵاودەکردەوە؟**

**مەلەکشا:** ئەو سەردەمە نە گۆڤارێکی وەها هەبوو کە تایبەت بێ بە شێعر و بابەتی کوردی، نە کەسیش بە جۆرێکی جددی بیری لە چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب دەکردەوە. زۆرتر لە کۆبوونەوە و ڕێوڕەسمە سیاسییەکان بوو کە جاروبار هەلێک دەڕەخسا بۆ کەسانێکی وەک من شێعرێک بخوێنینەوە. ساڵانێکی زۆر دوای ئەوە کە کەم کەم گۆڤاری کوردی هاتنە ئاراوە، منیش لە گۆڤار و هەفتەنامەکان نزیک بوومەوە. ئەگەرچی زیاتر لەڕووی باندبازی و کەس و ئاشنا و ڕۆشناوە کارەکان چاپ دەکران، بەڵام من زۆر پێشتر لەوە و لە سەردەمی فارسی نووسینمدا، چەند کەسێکم پەیدا کرد کە بتوانم لە ڕێگەی ئەوانەوە خۆم دەرخەم. یەکیان حەسەنی موزەییەن بوو، یەکیشیان عەلیرەزا تەبایی. ئیسماعیل خوویی و نووری عەلاش کەسانێک بوون کە زۆر هەوڵیان دەدا یارمەتیم بدەن لەو بوارەدا. گۆڤارێکی بەرشکەستەمان گرتەخۆ بە نێوی "ئومیدی ئیران" کە بە شێوازێکی جددی توانیمان گەشەی پێ بدەینەوە و ناوی بخەینەوە نێو ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو سەردەمەی ئێران و تەنانەت تیراژی گۆڤارەکەش تا ئاستێکی باش چووە سەر. هەر ئەو کارە بووە هۆی ئەوەی کە تا ڕادەیەکی باش بناسرێم و لەو ماوەدا کەسانێکی جددی داوای بابەتیان لێکردم بۆ چاپ. ئەوە بۆ من زۆر سەرسوڕهێنەر بوو. لەو کاتەدا خوسرەو گوڵسورخیش لەگەڵ خێزانی گۆڤارێکی چاپ دەکرد بە نێوی "ڕازی گوڵی سوور" کە گۆڤارێکی زۆر پرۆفێشناڵ بوو. هەموو ژمارەیەک بابەتی منی چاپ دەکرد و بە تایبەت ژمارەی شەش یا حەوت بوو کە دۆسییەیەکی تایبەتی لەسەر من کردبووەوە و تێیدا کەسانێکی زۆر لەسەر شێعرەکانم نووسیبوویان و ژمارەیەکی باشی شێعرەکانیشمی پاشکۆی دۆسییەکە کردبوو کە بە گشتی نزیکەی 40 لاپەڕەیەکی دەگرتەوە. گوڵسورخی خۆمی خۆشدەویست و تەنانەت چەند جاریش هاتە ماڵمان و زۆر نزیک بووین پێکەوە.

لە بواری ناسرانی شێعرەکانیشم بە زمانی کوردی، دەتوانم بڵێم زیاتر لە دوای شۆڕشی ئێرانەوە و بە تایبەت لە گۆڤاری سروەی ئەو سەردەمەدا بوو کە ئاوڕێکی باش و جددیی لە ئەدەب و هونەری کوردی دەدایەوە. زۆربەی ژمارەکانی سروە بابەتی من تێدابوو، ماوەیەکیش تەنانەت هاوکارییەکی جددیی ئەو گۆڤارەم کرد و هەر ئەوە بووە هۆی ئەوەی کە شێعرەکانی من بە زمانی کوردی زیاتر ئاوڕیان لێبدرێتەوە و تەنانەت کەسایەتییە گەورەکانی ئەدەبی کوردیش لوتفی خۆیان نواند و لەسەر کارەکانی من قسەیان کرد. سەردەمێک لەگەڵ خوالێخۆشبوو مارف ئاغایی بە شوێن کۆبوونەوە و ساغکردنەوەی کارەکانی سوارەی ئیلخانیزادە کەوتین و توانیمان لەو بوارەشدا زۆر کار بکەین. بە گشتی هەموو ئەو هەوڵانە بوونە هۆی ئەوەی کە کەم لەنێو کۆمەڵگەی ئەدەبدۆستی کوردیدا جێگە و پێگەیەکی دیار بەدەستبهێنم و شێعرەکانم ئاوڕی جددییان لێ بدرێتەوە.

> **هەموو خواست و حەزی من ئەوەیە ئەگەر جارێکی دیکە لەدایکبوومەوە، شاعیر نەبم**

**رووداو: چەنێک لەو گۆڕینی زمانی نووسینە خۆشحاڵیت و ئایا هەست دەکەیت بەو کارە غەدرت لە خۆت کردووە یان نا؟**

**مەلەکشا:** من نەک تەنیا پەشیمان نیم لەو کارە، بەڵکوو زۆریش شادمان و رازیم. چونکە ئەوەی ڕاستی بێ ئێمە تەنانەت ئەو کاتەش کە خەریکین بە زمانێکی دیکەی جگە لە زمانی خۆمان دەنووسین، لەڕاستیدا خەریکین خۆمان تەرجەمە دەکەینەوە و ئەو جۆرەی کە

# ئەدەبیاتی گەشتنامە

# ”پاسپۆرت“... کولتووری بازدان بەسەر وڵاتاندا




**سەنگەر زراری**



لە گەشتەکانی سەردەمی کۆنی کوردەواریدا، ئیدیۆمێکی باو هەبوو کە هەموو گەشتیارێک بەرلەوەی بڕوات دەیگوت و دەیگوتەوە: ”چوونم بەدەست خۆمە و هاتنەوەم بەدەست خۆم نییە“. یان: ”چوونم بەدەست خۆمە و هاتنەوەم بەدەست خوایە“، ئەم ئیدیۆمە چەندە ئاماژە بوو بۆ خۆ دانە دەست قەدەر و زەمەن، ئەوەندەش بەهۆی ئەوەبوو کە گەشتیارەکە نەیدەزانی چۆن دەچێ و چۆن دەگەڕێتەوە و بەرنامەی چی دەبێ و چەندی پێدەچێت؟! هۆکاری سەرەکی ئەمەش نەبوونی ئامرازی گەشتکردنی گونجاو بوو. فڕۆکە و ئۆتۆمبێل و شەمەندەفەر نەبووە گەشتەکان خێرا بکات و ماوەیان بزانرێ، هەربۆیە گەلێک لەو کەسانەی بەهۆکارێک سەریان هەڵدەگرت، ئەگەر خۆیان بگەڕابانەوە، یان نامەیەکیان ناردبا و دوای چەندان مانگ و ساڵ نامەکەیان بگەیشتبا هەواڵیان دەزانرا، دەنا هیچ هەواڵێکیان نەبوو، زۆربەی ئەوانەی بۆ خوێندنی حوجرە و خوێندنی دیکەش دەچوونە شار و وڵاتان (کە ئەم جۆرە گەشتە لەناو کورد زۆر باو بووە)، زۆر بەکەمی و بە ماوەی دوور دوور ئینجا هەواڵێکیان دەزانرا و دەزانرا لە کوێن و چی دەکەن، یان جاری واش هەبووە تا دەگەڕانەوە هیچ هەواڵێکیان نەبوو.

ئەو گەشت و گەڕانەی لە سەردەمی ئێستا هەیە، جیاوازییەکەی ئاسمان و ڕێسمانە، ئێستا بەرلەوەی پێ بنێیتە دەرەوەی ماڵەکەی خۆشت، هەر لە ماڵەوە هەموو شتێک دیاری دەکەیت و ئەوە دەزانی کە دەچییە کوێ و لە کوێ دەمێنیتەوە و چەند دەمێنیتەوە، بۆ نموونە تەماشای ئەو پەڕەگرافەی کتێبی ”پاسپۆرت“* بکە کە نووسینەوەی گەشتنامەیەکی ئەم سەردەمەیە:

”هەر بە ئینتەرنێت بلیتی فڕۆکەی هەردوو سەر، چوون و گەڕانەوە، دۆزینەوەی هوتێلێک بە نرخی هەرزان، بلیتی پاس لە فڕۆکەخانەوە بۆ ناو شار، لەوێشەوە بۆ ئەو زوونەی هوتێلەکەی تێدابوو، بڕیم، هەر لەناو پەیجەکانی ئینتەرنێتەوە نەخشەی میترۆ، نەخشەی ناو شارەکە، شوێنە گەشتیارییەکان، کاتی کردنەوە و داخستنی تاوەرەکەی ئیفڵ، مۆزە گەورەکەی ئیڤلم زانی، زانیم بلیتەکانیش نرخیان چەندە، هێشتا لە ماڵەوەش بووم کە بەرنامەی ڕۆژەکانی مانەوەم لە پاریس دانا...ل18-17“.

لەم گەشتنامەیەدا تێبینی خاڵێکی دیکەی جەوهەری دەکەین کە ڕەنگە ئەگەر بە سەردەمی جارانی بەراورد نەکەین، بەهۆی ئاساییبوون و ڕاهاتن لەگەڵی لەم سەردەمەدا، هەست بەو دەستکەوتە نەکەین کە ئەم سەردەمە لەگەڵ خۆیدا هێناوە. لە سەدەمی کۆندا گەشتەکان بە قۆناغ بوون و گەشتیار بۆ هەر شوێنێکی دنیا ڕۆیشتبا، دەبوو بە قۆناغ و بە زنجیرە شار و وڵاتانی بڕیبا، بەڵام لە سەردەمی ئێستا و لەسایەی فڕۆکە و ئاسانکاریی هۆکارەکانی گواستنەوە، دەتوانی بەبێ هیچ زنجیرە و قۆناغبەندییەک و بەبێ ئەوەی پێویست بکات شوێن و وڵاتان بەدوای یەکدا ببڕیت، لەم سەری دنیاوە بۆ ئەوسەر بڕۆی، بۆ نموونە وەک لەم گەشتنامەیەدا هەیە: گەشتیار لە تایلاندەوە بۆ پاریس، لەوێوە بۆ قاهیرە، لە پۆلۆنیاوە بۆ مەراکیش و... لەمسەر بۆ ئەوسەری دنیا دێت و دەچێت، بێ ئەوەی پێویست بەوە بکات ئەو وڵات و شوێنانە ببینێ کە بەسەریاندا تێدەپەڕێ.

خاڵێکی باشی ئەم کتێبی گەشتنامەیە ئەوەیە، گەشتی وڵاتەکانی بە کورتی نووسیوەتەوە و بەزۆری تەنیا ئەو دیاردە و شوێنانەی باس کردووە کە دەزانێ بەلای زۆربەی کورد و خوێنەرانی کوردەوە سەرنجڕاکێش دەبن، بۆ نموونە ڕەنگە باسی کانەخوێی ”ویلزکا“ لە پۆلۆنیا یەکێک بێ لە باسە سەیر و سەمەرەکانی ئەم گەشتنامەیە. ئەم کانەخوێیە بە ڕووبەرێکی زۆر لەژێر زەوییە و پڕە لە پەیکەر و کافتریا و فرۆشگا و کڵێسا و ئاوەدانی، یان وەکو دەڵێت: ”لە یەکەم چوونە ناوەوە، بە 800 پایەی دار دەچنە خوارەوە، گەشتەکە سێ سەعات دەخایەنێت، لەو کان و مۆزەیە نزیکەی بیست کڵێسا و شوێنی ئایینی لە بنەوە لە خوێ و بەردەخوێیەکان تاشراون، نزیکەی سێ کیلۆمەتر بەناو کلیدۆرەکان یان بڵێین کون و کۆڵانەکانی کانەکەدا، بەحەپەساوی و سەرسامییەوە ڕۆیشتین و بێزار نەبووین، ماوەماوە بۆ پشوودان و دیتنی زۆرترین پەیکەری کەسایەتییەکانی وڵاتەکە، ئەوانەی سەردانی ئەو مەزارەیان کردووە، دەوەستاین، لەناو کۆڵانەکانیدا کافتریای ئاسایی دانراون، ساردەمەنی دەفرۆشن...ل39“.

یان دیاردەیەکی سەیری وەکو ئەو ڕێنماییەی شۆفێرێکی تاکسی لە توونس باسی دەکات، ”لەم وڵاتە دەبێ هەموو شوفێرێکی تاکسی بەیانیان ڕیشی بتراشێ، پێڵاوەکانی خاوێن و جوان بێت، جلوبەرگێکی ئوتووکراوی لەبەردا بێت، ئەگەرنا پۆلیس سزای دەدات...ل29“. بێگومان ئەمە هەم سەیرە و هەم دیاردەیەکی جوانیشە کە دەکرێ سوودی لێ وەرگیرێ.

ئەم گەشتنامەیە بەپێی کاتی نووسین و سەردەمی نووسینی یەکە یەکەی بابەتەکان ڕیزکراوە، لەکاتێکدا ئەگەر سەردەم پێویستی کردبێ ئەم بابەتانە لە کات و شوێنی جیا بنووسێ، بەڵام کتێب جۆرە ڕیزبەندییەکی دیکەی دەوێ، بۆیە پێموایە دەبوو بەگوێرەی پێویستیی بابەتەکان و لێکنزیکییان پۆلێن کرابان و بەو شێوەیە با کە خوێنەری کتێب گەرەکیەتی، بۆ نموونە لە کتێبەکەدا دوای باسکردنی یازدە گەشت و سەردانی شوێنی جیاجیای جیهان لەمسەرەوە بۆ ئەوسەر، ئینجا باسی ڕێنمایی و مەرجەکانی گەشتکردن دەکات، لەکاتێکدا دەبوو ئەم بابەتە لە سەرەتا و لەدوای پێشەکییەکە دانرابا، یاخود لەبابەتێکدا باسی توونس دەکات، بابەتی دواتر باسی سابوونکەرانی سلێمانییە، ئینجا سوید پاشان ئوردن، بولگاریا، قوبرس، گورجستان، مەراکیش، میسر، کریت، چیای پیرسی ناوچەی بادینان، ئامەد، ئینجا دوای هەموو ئەمانە دەگەڕێتەوە سەر توونس، بۆ چەند شوێنێکی دیکەش ئەو پچڕپچڕییە لە باس و بابەتەکان هەیە، لەکاتێکدا پێویست بوو باسی هەر وڵاتێک لەدوای یەکتر دانرابا، ئەمە جگە لەوەی هەڵەی ڕێنووسیش لەم کتێبەدا کەم نییە.

بەهەرحاڵ... خوێندنەوەی ئەم کتێبە چێژێکی تایبەتی هەیە و گەلێک شوێنی سەیری وڵاتانت پێ دەناسێنێ، سوودی زۆریشی بۆ ئەوانە هەیە کە نیازی گەشت و گەڕانیان هەیە، ئەوانەی دەیانەوێ دنیا ببینن و سەرەتایانە، لەم کتێبەوە تێدەگەن کە چۆن گەشت بکەن و چۆن خۆیان ئامادە بکەن. تێدەگەن کە چۆن سوود لە بلیتی هەرزان و گروپی گەشتیاری وەرگرن، تێدەگەن کە ئەگەر ویستیان بچنە وڵاتێک و پێشتر بۆی نەچووبوون، بە ئینتەرنێت هەموو کارەکانیان ڕایی بکەن، وەکو گرتنی هوتێل و شوێنی مانەوە و دەستنیشانکردنی ئەو شوێنانەی دەیانەوێ بۆی بچن، بۆ ئەوەی کە گەیشتنە ئەوێ ئەم شتانە کاتی زۆریان نەبات. بەگشتی کتێبەکە ڕێبەرێکی باشی گەشتیارییە.

*** پاسپۆرت (گەشتنامە)- شێرزاد هەینی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات- هەولێر، چاپی یەکەم (2017).**

## ...ا کرد

## ...ەڵ شاعیر و ئەدیبی

## ...ورد جەلال مەلەکشا

زمانی دایکیمان شارەزای هەموو کەلوکونەکانی بیروهزری مرۆڤانەی ئێمەیە بۆ دەربڕینی هەست و سۆزمان، زمانێکی دیکە ناتوانێ ئەو کارەمان بۆ بکات. هەموو هەستێکی ئێمە بە زمانی دایکیمانە و هەر بەو زمانەیە کە وەرگری ئێش و ئازارەکانمان و خۆشحاڵی و شانازی و سەربەرزی و دیکەی هەستەکانمان دەبین. کەواتە تەنیا بەو زمانەشە دەتوانین بە باشی بەیانی بکەینەوە. زمانی ئێمە زیاتر پێویستی بە کار و خزمەت هەیە و دەبێ هەرکام لە ئێمە لە جێگەی خۆمانەوە هەوڵی بۆ بدەین کە زیاتر گەشەی پێ بدەین و ڕازاوەتری بکەین. بۆیە هەرگیز پەشیمان نیم لەوەی ڕێگەی خزمەت و گەشەدان بە زمانی دایکیم هەڵبژارد و لەم ڕێگەیەشدا ڕەنگە چەرمەسەری و لەمپەرگەلێکی زۆرم لەسەر ڕێ بووبێ، بەڵام ئێستا کە ئاوڕی لێ دەدەمەوە، پڕ بە دڵ ڕازیم لە هەموو ئەو ئازارانەشی لەپێناو ئەو زمانەدا کێشاومە.

**ڕووداو: لە پێشانگای کتێبی ئەمساڵی سنە کە لەم ماوەدا بەڕێوەچوو، کتێبی کۆی بەرهەمەکانی بەڕێزتان وەکوو کتێبێک کە لەنێو کتێبەکانی دەزگای چاپی پانیزدا زیاترین فرۆشی هەبوو، ناوی برا، هەروەها کتێبی کارەساتیش لە ڕیزی سێیەمی دەزگای کالێجدا ناوی هاتبوو. بە گشتی ئەمساڵیش و زۆرێک لەو ساڵانەی کە کتێبەکانی بەڕێزتان لە پێشانگای کتێب پێشکەش کراون، فرۆشێکی باشی بووە و پێشوازییەکی بێ وێنەی لێ کراوە. ئەم پێشوازی و فرۆشە باشە، هیچ داهاتێکی بۆ ئێوە هەیە؟ یاخود بڵێم ئەو دەزگایانەی کە کتێبەکانی بەڕێزتان چاپ و بڵاودەکەنەوە، لە داهاتی فرۆشی ئەو کتێبە کە جاری وایە بە چەندین چاپ دەگات، بەشی ئێوە چۆن حسێب دەکەن؟**

**مەلەکشا:** بەڵێ. ئەوە زۆربەی ئەو کتێبانە کە ئەمساڵ ئەو فرۆشە باشەیان هەبووە، چاپی دووهەم و سێهەم و تەنانەت پێنجەمیشی بووە. بەڵام بە داخەوە بەشی ئێمە لەو پێشوازییە باشانەی کە لێیان دەکرێ، لە سەدا دە و دوازدەیە و ئەمە زۆر بەشێکی کەمە بۆ کەسێک

## حەزم دەکرد جووتیارێکی شاعیر بم

کە بە ڕاستی ماندوو دەبێ بە بەرهەمهێنانی ئەو کتێبەوە و دەکرێ بڵێم بۆ کەسێک کە تەمەنی خۆی لەسەر نووسینی شێعر داناوە و هەموو ئەو شێعرانەش دەبن بە کتێبێک کە داهاتی ڕەنج و ئێش و چەرمەسەریی ژیانێتی، بەڵام خۆی بەشێکی زۆر کەم لە لایەنە پۆزەتیڤەکەی – کە چاپ و بڵاوبوونەوە و فرۆشی کتێبەکانە- دەستی دەگرێت. بە گشتی بارودۆخی هەموومان وایە و هیچمان لەوە باشتر نین، تازە دەکرێ بڵێم کە ئەو بەشە دە دوازدە لە سەدییە، بۆ من ئاوا حسێب دەکرێ، ئەگینا بۆ شاعیران و نووسەرانی دیکە زۆر لەوە کەمترە و ڕەنگە هەر نەشبێت. بەڵام چاری ناچارە و هیچی لەگەڵ ناکرێ. وایان لێکردووین تەنیا بەوە ڕازی بین کە شکور کتێبەکانمان چاپ دەبن و دەچنە بەردەستی خوێنەر، ئیتر هیچیشمان لێی دەستنەکەوت، کێشە نییە. ئەمە فەزای ناپرۆفێشناڵبوونی ئەدەب و کولتوورە لەم وڵاتەی ئێمەدا و هیچیشی لەگەڵ ناکرێ. هەڵبەت هەندێک لەو وەشانخانانە باشترن و بەشێکی زیاتر بۆ من حسێب دەکەن، بەڵام بە گشتی کێشەکە هەر هەیە و چارەسەری ئەستەمە.

**ڕووداو: لە باشوور- لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی- و لەلایەن دەزگای چاپ و پەخشەکانی ئەوێوە، تا ئێستا هیچ پێشنیارێک بۆ چاپی کتێبەکانتان هەبووە؟ بە تەما نین ڕۆژێک لە ڕۆژان کۆی کتێبەکانتان لەوێش چاپ بکەن؟**

**مەلەکشا:** بێگومان. تا ئێستا لەلایەن دۆستی ئازیزمەوە کاک ئازاد بەرزنجی لە دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چەند جارێک پێشنیاری ئەوەم پێدراوە کە ئەو کارە بکەم. بەڵام بەداخەوە هەر جارەی بە بۆنەیەکەوە، دواکەوتووە و نەکراوە. بە دڵنیاییەوە لە باشوور ژمارەیەکی باشی خوێنەری ئەدەبیمان هەیە کە زۆربەی ئەو خوێنەرانە بە جۆرێک لەگەڵ شێعرەکانی من ئاشنان و خوازیاری کتێبەکانم هەن. بەڵام بەداخەوە بەهۆی نەخۆشی و نەتوانینی منەوە، تا ئێستا نەکراوە بچمە ئەوێ و گرێبەستیان لەگەڵ بکەم بۆ چاپی کتێبەکانم. هەڵبەت چەند ساڵ لەمەوبەر چووم و تەنانەت لەلایەن بەڕێز مەسعود بارزانیشەوە پێشنیاری مانەوەم پێدرا و تەنانەت ماڵ و ژیانێکی باشیشیان خستە ئیختیاری خۆم و دایکمەوە، بەڵام نەمتوانی و بەهۆی ئەوەی کە دڵم

## پڕ بە دڵ ڕازیم لە هەموو ئەو ئازارانەشی لەپێناو زمانی دایکیمدا کێشاومە

تەنیا لەم شارە ئۆقرە دەگرێت و دەحەسێتەوە، گەڕامەوە.


**ڕووداو: ئەگەر جارێکی دیکە لەدایک ببیتەوە، ئامادەی دیسان ببیتە شاعیر؟ پێت خۆشە ئەگەر وابوو، بە چ زمانێک لە دایک ببیتەوە و ببیتە شاعیری چ زمانێک؟**

**مەلەکشا:** ئەرێ و نا. بێگومان، ئەگەر جارێکی دیکە لە دایک ببمەوە پێمخۆشە ببمە شاعیر، بەڵام نەک شاعیرێک کە شێعر دەنووسێ. من لە شاعیربوون پەشیمان نیم. بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ هەموو خواست و حەزی من ئەوەیە ئەگەر جارێکی دیکە لەدایکبوومەوە، شاعیر نەبم. واتە لە ڕێگەی شێعر نووسینەوە نەژیم. بەڵکوو حەزم لە کشتوکاڵە و خۆزگەم دەخواست لە گوندێک لە دایک ببمەوە کە هەر لە منداڵییەوە خەریکی کشتوکاڵ بم، بەڵام بە ڕۆحێکی شاعیرانەوە. شاعیربوون ژیانی منی بە قوڕدا بردەخوار و هەرگیز هیچ خزمەتێکی ئابووریی بە من نەکرد. بەڵکوو ئەوەشی کە بووم لێی سەندم و لە ڕێگەی ئەدەب و شێعر و کتێبدا، پێی خەرج کردم. بۆیە پێم خۆش نییە ببمەوە بە شاعیر، بەڵام ئاواتم ئەوەیە ئەگەر جارێکی دیکە ئەو هەلەم بۆ برەخسێ، جووتیارێکی شاعیر بم.



# بێگانە

ڕەسووڵ سوڵتانی



ئەوە لە بنەوە بەچی پێدەکەنی؟ باشە ئەتاریکردن ئی ئەوەیە ئاوا نەرم نەرم زەردەخەنەت بێتێ؟ دەی چاوی دەرێ، ئەی خۆ هێندە وریاش نییە بڵێم... جا وەڵاهی چووزانم. داخوا ئەمنیش لە کاتی "چات"کردندا ئاوا زەردەخەنەم دێتێ؟ بڵێی ئەویش بمبینێ؟ نا کوڕە خۆ ئەو گێلە هەر ئاگای لە دنیا نییە. چووزانێ؟ هەر دەزانێ بیر لەوە بکاتەوە ئەمڕۆ چەندەی خەرج بووە و سبەی دەبێ چەند پارە خەرج بکا. تۆ سەیری کە، ئێستا ئەوە خەریکە، تۆزێکی دی تا ئاوڕی لێ دەدەیەوە وەک بەراز پرخەی دێ. هەی داوەشێی. دەی تخوا ئەوەش مێرد بوو من کردم؟ ئەوەتا مێردی خەڵک تا نیوەی شەوێ بەخەبەرن... چی؟ ئەی لەو سەگبابە، تۆ سەیرکە چیی بۆ ناردووم؟ ئەیەڕۆ چەندە بێشەرمە... بێشەرم هەر وا دەبێ. بێشەرم نەبوو. ئەوەڵێ زۆر زۆر بە ئەدەب بوو. بە بەڕێز و خاتوون و خانم دەیدواندم. هەتیوە زۆڵە. کە دەیویست ماڵاوایی بکا، دەیگوت: چاوەکانت ماچ دەکەم... نا من هیچم نەدەگوت. هەر دەمنووسی: بای... ئەو هەموو جارێ دەیگوت چاوەکانت ماچ دەکەم... تا ئەو جارەی نووسیی: چاوە گەشەکانت ماچ دەکەم و... منیش نووسیم: ئەو "و" و خاڵانە چین؟ گوتی خۆت پڕیانکەوە. هیچم نەگوت. ویستم بڵێم سنوورێک دابنێ. دڵم نەیهێشت.... لەبری ئەوەی وا بڵێم شوێنە بەتاڵەکەم پڕ کردەوە. ئاخر شوێنی بەتاڵ دەبێ پڕ بکرێتەوە. ئەوەتا من نێو دڵم ئەوەندە چۆڵە دەبێ بەو هەتیوەی پڕبکەمەوە. شێت و شووڕ، جاری وایە قسەی وەها دەکا تک تک ئاوم لێ دەتکێ. خۆ ناکرێ بۆ کەسیشی باس بکەم. حەزم لێبوو بیکەمە چیرۆکێک و بڵاوی بکەمەوە، دوایی گوتم بەخوا دەیخوێنێتەوە و لەلاپەڕەی ئینستا و فەیسبووکەکەی دایدەنێ و خەڵک دەزانن چ باسە... دەی با بزانن...بزانن؟ حەیاچوونە کچەتیو. خەڵکی ئێرەت پێ چییە؟ ژیان لەخۆت مەشێوێنە. نایشێوێنم. ئێستاش زۆر خۆش نییە. لەوە شێواوترەکەی دەبێتە چی؟ نابێتە هیچ. با لەکۆڵم بێتەوە. تۆ سەیری ئەو پرخەپرخەی! دەڵێی لە دروێنە هاتۆتەوە. دروێنە؟ جا من چووزانم دروێنە چییە؟ ئیدی کاتێک یەکێک زۆر ماندوو دەبێ شتێکی ئاوای بۆ دەڵێن... خۆ ناڵێم دەڵێی لە تایپکردن هاتۆتەوە. ئەرێوەڵا من جاری وایە ئەو شانوپیلەم وەختە بێتە دەرێ. دکتۆر تەهای جیرانمان دەیگوت ئی مۆبایلە. دەیگوت ئەوەندە سەر بەو مۆبایلەدا دەکەن هەموو مۆرەی ملتان دەسوێ و تووشی ئارترۆز دەبن. دەی با ببم تازە بەتەمای چیم... بەتەما... جا بۆ نا... ژیان چییە، هەلێکە و هاتووە بۆ لەکیس خۆمی بدەم. خۆ من شیرنە کەرە نیم بەو گولەوە نووساوە وەک بڵێی لە ئاسمانەوە بۆی بەربۆتەوە. ئەو ڕۆژە دەیگوت جا خوشکێ من بە دڵی خۆم مێردم پێ کردووە چۆن دەبێ خیانەتی لێ بکەم؟ گوتم خیانەت چییە؟ کچێ هەی کەرە، ئەوە قسەی پیاوانە، خیانەتی چی؟ گوتی تۆ بڕۆ چ دەکەی بکە دایکەکەم من شتی وا ناکەم. خۆ تۆ بە نابەدڵی مێردت بە کەیوان نەکردووە، بۆ خیانەتی لێ دەکەی؟

زانیم ناتوانم ئەو کەرە تێگەیەنم. کەیوان، کەیوان، کەیوانی چی؟ هەر گەیشتەوە ماڵێ ئاوێک بەخۆیدا دەکا و دەڵێی دەچم بۆ لای برادەرەکانم نێرگەلەیەک دەکێشم و دێمەوە. کە دێتەوەش ئەوە سەری بەسەر ئەو مۆبایلەیدا دەکا و ئەتاریم بۆ دەکا. خۆ ئاگای لە من نییە. سێ مانگیش دەبێ دەستی وێم نەکەوتووە. سەرەتاکان تۆزێک باشتر بوو. خۆزگە ئەو ڕۆژەی ناسیم گیانم دەرنەچووە؟ چۆن بەسەرخۆمدا زاڵبووم و یەکبەخۆم هاوارم نەکرد و نەگریام و لە پۆل نەچوومە دەرێ؟ سەیر بوو... سڕ بووم. هەستم کرد میچی پۆلەکە هاتە خوارێ و هەناسەی لێ بڕیم... ئاگام لەخۆم نەما... نەمزانی مامۆستا چیی گوت و چۆن دەرس تەواو بوو. کاس بووم. دەی چیم کردبایە؟ چ دەکرێ؟ هیچ... تۆڵە باشترین ڕێگەیە... وام بیر کردەوە. لە تۆڵەی ئەو گوتم مێرد بە کەیوان دەکەم، چونکە زۆری ڕق تۆزێک زیاتر لێی ورد ببوومایەتەوە. ئاخر وردبوونەوەی چی؟ وەڵاهی لە داخی ئەو شێرزادە هیچوپووچە وام کرد. باشە من چیم کەم بوو ها؟ بۆ وای کرد؟ گوتیان خوشکەکانی ڕازی نەبوون. خوشکەکانی گوتوویانە بۆخۆمان ژنت بۆ دێنین. دەبێ ئەوەی دەبێتە ژنی تۆ لەگەڵ ئێمە بێتەوە. گوتبوویان ئەو کچە بێنی، ئیدی تاهەتایە بەماڵتدا نایەین. ئەو خوێڕییەش خۆ لەگەڵ منی باس نەکرد، باسی کردبا هەر نەبێ دەچووم لەگەڵ خوشکەکانی قسەم دەکرد. دەمگوت ئێوە چۆنتان دەوێ من وا دەبم، بەڵام لێم تێکمەدەن... چووزانم ڕەنگە واشم نەکردبایە... ئەو ڕۆژەی کە نەهاتبووە پۆل، لەخۆوە دڵم زۆر توند بوو. ماهیر بە مامۆستای گوت: ئەمڕۆ شێرزاد ژن مارە دەکا و نایەتەوە. چۆن نەمردم؟ بۆ لە کەیوان بوو. بۆم گرینگ نەبوو کەیوان چۆنە. ئیتر ئاوا لە وردەکارییەکانی دیکەی بگەڕێ، لە کاتێکی دیکەدا باسیان دەکەم. مەسەلەی حەز و خۆشەویستی نەبوو. زۆریشم دیتبوون ئەوانەی بەخۆشەویستی مێردیان کردووە و پاش یەک دوو ساڵ کەوتوونەتە گووخواردن... ببوورە ئەو قسەیەش دەکەم. گوتم خۆ کاکم و براژنم بە خۆشەویستی ژیانیان پێکنەهێناوە، هەموو دنیاش ئیرەییان پێ دەبا. ژیانیان پڕە لە ڕێز و ئارامی. ناڵێم شەڕیان نابێ، دەیانبێ، بەڵام خۆ ئەو وردەشەڕانە ئاسایین. خۆزگە ئێمەش شەڕمان بوایە. شەڕیشم لەگەڵ ناکا. چیی بەسەریدا دەشێرێنم هیچ ناڵێ. پێدەکەنێ و دەڵێ خۆت کەر مەکە چایەک دێم کە. دەی چیی پێ بڵێم؟ ئەو ئارامە زۆڵە دەڵێ: حەزم لەو نامانەتە کە لە تەنیشت مێردەکەتەوە بۆمیان دەنێری. گوتم: قەت لەلای ئەوەوە نامەم بۆ نەناردووی. گوتی: ناڵێم درۆ دەکەی، بەڵام خۆ بەو سەرمایە نەچوویتە حەوشە. دڵنیام لە بن یەک بەتانییشن ئێستا. ئەی خۆزگە من لەجێی ئەو بوایەم... گوتم جا تۆ لە جێی ئەو بوایەی چیت دەکرد؟ بۆ گێڕانەوە نابێ، هێندە بێشەرمە قسەی وا دەکا مێردەکەی خۆت شتی وات پێ ناڵێ. سەرەتاکان زۆر قسەی فەلسەفی و کتێبانەی دەکرد. کە وشەیەکم دەنووسی، بە سەد باردا لێکیدەداوە. جارێکیان گوتی: بۆ وا بەپارێزەوە قسان دەکەی؟ گوتم ئاخر تۆ بێگانەی، خۆ ناکرێ سفرەی دڵمت بۆ بکەمەوە. نووسیبووی: هههههههههههههههه شێتە، بێگانە ئەو ژن و مێردانەن کە لە بن بەتانییەکدا دەخەون بەبێ ئەوەی هەستیان بۆ یەکتر بجووڵێ... بێگانە ئەو ژن و مێردانەن کە لە کاتی جووتبوونیاندا هەر کامە و هۆشیان بەلای کەسێکی دیکەوەیە. من کە هەمیشە دڵم لای تۆیە و تۆ کە هەمیشە دڵت لامە، چۆن لێک بێگانەین؟

گوتم: جا تۆ چووزانی دڵم لای تۆیە؟

گوتی: زۆر باشە، تکایە بەیانیان کە هەستای هەوڵ بدە بیر لە من نەکەیەوە. هەر ڕۆژێک هەستت کرد منت لەبیر کردووە، تکایە کورتە نامەیەکم بۆ بنێرە...

هەر قسەیەکی دەیکرد، شوێنێکی لەسەر دادەنام. خۆ جاران کە لەخەو هەڵدەستام بیرم لە زۆر شت دەکردەوە و جاروبارەش قسەیەکی شەوێی ئەوم بیر دەکەوتەوە، ئێستا لەوەتەی ئەم قسەیەی کردووە، هەر لە خەو هەڵدەستم بیرم لای ئەوە. ئەو هەتیوە سیحربازە سیحرباز... سیحرباز نەبێ، بۆ هەر وەڵامی سڵاوەکەیم داوە، تەزوویەک لە گیانم گەڕا؟ ڕاستە، جاروبار لە ئینستاگرامەکەی سەیری وێنەکانیم دەکرد، بەڵام قەت پێموانەبوو... تا ئەو ڕۆژەی کە پێموابێ دووەم جار بوو قسەم لەگەڵ کرد گوتی: دڵەکان شەپۆل و فرێکانس بۆ یەکتر دەنێرن، جا ئەو دڵانەی لەسەر یەک شەپۆلن زوو یەکتر دەدۆزنەوە.

گوتم: چۆن یەکتر دەدۆزنەوە؟

گوتی: هەر شەپۆلەکەیان بەر یەک بکەوێ، تەزوویەک بە گیانیاندا دێ. ئیدی لەو کاتەوە هەموو ساتێک چاوەڕوانی نامە و شەپۆلێکی یەکتر دەبن.

بەو قسەیە متووی کردم. هەر جارێکی دەستم دەدایە مۆبایلەکەم بەخۆم نەبوو یەکسەر سەیری سندووقی نامەکانم دەکرد. وردە وردە لێم بوو بە خوو، بوو بە دڵەڕاوکێ. تەواو پێوە بووم. پێوەبوونی چی، زۆریش خۆشە. خۆ ئەو گێلەی خۆم ئاگای لە دنیایە نییە. هەر خەریکی ئەتارییە. با بیکا تا ملی دەشکێ. هەر چای بۆ تێدەکەم. خۆ شتی دیکەی ناوێ. هەر دەڵێ چا. چا... خوا دەکا هەموو داواکەی هەر ئەوەندە دەبێ. ڕۆژێ بەرمیلێک چای دەدەمێ. ئەوە هەستا. ئەها هێشتا چاوی هەڵنەهێناوە دەستەکوتەیەتی بۆ مۆبایلەکەی. تۆ بڵێی ئەویش... تۆ بە ڕاستی بڵێی ئەو هەر ئەتاری بکا؟ ئەرێ باشە خۆ جاران ڕەمزی لەسەر مۆبایلەکەی دانەنابوو؟ تۆ بڵێی چیی لەبن سەریدا بێ؟ ها؟ یانی ئەو گێلەش شتی وا دەزانێ؟ بڕوا ناکەم. شیرین دەیگوت: ئەو مێردەی تۆ هەر سەریش هەڵناهێنێ. ئەرێ باشە شیرین بۆ ئەوەندە مەدحی ئەو گێلەی من دەکا؟ دەبێ هێندێ چاوم بەسەرییەوە بێ. وەڵاهی پێستی سەری هەڵدەقەنم. با لەخۆوە گومانی لێ نەکەم بەستەزمانە. کێ هێندەی من گێلە خۆی بۆ ساردوسڕێکی ئاوا شل بکا؟ تۆ بڵێی ساردوسڕییەکەی هۆی دیکەی نەبێ؟ جا کێ ناڵێ وەک ئەو سەیەی لەگەڵ من ئاوا گەرموگوڕە و هەر گاڵتە بە ژنەکەی خۆی دەکا، کەیوانیش وا نەبێ؟ نازانم... ماوەیەکە زۆریش بە دەوری خۆیدا دێ. تۆ بڵێی بەڕاستی بچێ بۆ نێرگەلەکێشان؟ ئەرێ ئەو ڕۆژە هەستم کرد بۆنی عەترێکی ژنانەی لێ دێ، بۆنەکە ئاشنا بوو. پێموایە جارێک شیرین ئەو بۆنەی لەخۆی دابوو. ئەی، من بۆ لەخۆڕا گومان لەو ماڵوێرانە دەکەم؟ چووزانم، من ئەمم پێ گێل بوو، کەچی هەست دەکەم خۆم زۆر گێلم. خۆ هیچ ئاگام... ئەی... ئەوە ڕۆژ بووەوە و هێشتا نەنوستووم.... با ماڵاوییەک بۆ ئەو سەیە بنووسم... بای دڵەکەم... باوەشێک...





بابەتەکانتان بۆ ئەم ئیمەیڵە بنێرن: salam@rudaw.net